## شێخ و دەروێشە مۆدێڕنەکان

لە وڵاتانی نیوە پێشکەوتوو (هاوپەرای نیوە تێگەییشتوو) دا خەڵکێک موریدی شیخەکانی تەرێقەت بوون و لەم موریدانە توێژێکیان دەروێش بوون. تایبەتی دەروێش ئەوە بوو کە جگە لە شێخەکەی خۆی نە تەنیا هیچ شێخێکی دیکەی لا پەسند نەبوو، بەڵکوو لە خوا و پێغەمبەریشی بە گەورەتر دەزانی. کلیلی بەهەشت لە گیرفانی ئەودا بوو. گوتەکانی فەرمایشت بوون (فەرمایشت، فەرمان دان، حوکم کردن) و لە هەر گوتەیەک بەرزتر بوون. هەموو پرسێک بە شێخ دەکرا و ئەو عالمی هەموو عێلمەکان بوو. جار جار بۆ راگرتن و شکۆدارتر کردنی بارەگاکەی، کە بە رەنج و خزمەت و زەکاتی مورید و دەروێشەکان ساز کرابوون، هێندێ فەرمایشی دەفەرموو کە دەروێشەکان بە بێ بیرکردنەوە دەیانکردە چرا رێگای خۆیان. ئەگەر کەسێک وێرا با و گوتبای وا نییە، دەبوو بە تەکفیری و کورەی زکریان بە دەوریدا دەگرت و ئێرشادیان دەکرد. دەوری شێخەکان لە لای شێعە مەزهەب ئایەتۆڵاکان دەیانگێڕن و موریدەکان ئێقتێدایان پێ دەکەن و پەیوەندییەکە هەر وەکوو ئەوەیە  کە باسمان کرد. تەنیا لە باتی زکر و حەیەڵا، سینەکوتان و قورپێوانیان هەیە.

بە هاتنی خوێندنگەی مودێڕن و زانکۆ و دیکتاتۆرە غەیرە دینییەکان توێژێک لە کۆمەڵ رێوشوێنێکی دیکەیان گرتە بەر، کە ئێستا بووەتە باو پێیان دەڵێن عێلمانی، کە من پێم وایە ووشەکە لە جێی خویدا نییە. بەشێک لەمانە کەوتنە نێو رەوتی دژبەری و خەبات (یان باوە دەگوترێ سیاسەت. کە ئەویش لە جێ خۆیدا نییە، سیاسەت بە مانای دیپلۆماسییە نەک خەبات). ئەم توێژە لەباتی شێخەکان کە هەر مابوون و هەر ماون و بەشی خۆیان لە کۆمەڵدا هەیە، رێبەریان هەڵبژارد. بوون بە دەروێشی رێبەرەکان و راست هەر ئەو پەیوەندییەی شێخ و دەروێش لە قاوخێکی دیکەدا دووپات بووەوە. ئایینییەکان کە زانییان ئەم شێوە بەرەو گەشەیە هاتن حێزبیان پێک هێنا و کەوتنە مەیدانی "سیاسەتەوە". لە باتی شێخ ئەمیریان دانا و دەروێشیش بوو بە ئەندامی حێزب. کاری رێبەر و دەروێشی ئەندام لە هەموو حێزبە سیاسییەکاندا لاساییەکی تەواو بوو لە شێوە و بنە و بارەگای شێخەکان. فەرمایشی رێبەر (زیندوو بێ یان مردوو) دەقی بێ ئەملا و ئەولایە و دووپات دەکرێتەوە و کەس بۆی نییە بە هەڵەی بزانێ. کلیلی ئازادی لە گیرفانی ئەو دایە. بەڵام لە باری رێکخراوەییەوە ئەو پەیوەندییەی شێخ و دەروێش لە کۆمەڵی ئەوڕۆییدا کەڵکی زۆر نەبوو، بۆیە لاسایی کردنەوەی سۆڤیەت بوو بە باو. رێبەر قەدەر قودرەت و

خاوەنی هەموو عێلمەکان. ئەندام، کوێلە/ دەروێشی تەواو. هەر لە سەرەتاوە ناز ناوی "پێشەوا"یان بۆ ڕێزدار قازی موحەمەد دانا کە نازناوی ستالین و هیتلەر بوو. هەموو ڕێبەرە حێزبییەکانمان هەر وەکوو ڕێبەرانی ئەوێ و هەر وەها وەکوو شێخەکان هەتا ماون دەبێ ڕێبەر بن و دوایەش یەکێک لە بنەماڵەکەیان ببێتە جێگرەوەیان (ئەم دابەیان لە سۆڤیەت نەبوو، بەڵام لای شێخەکان هەیە) حێزب بە ئەوانەوە دەناسرێ، ئەوان مافی ئەوەیان هەیە ئابوورییان بە دەست بێ، فەرماندەی نیزامی بن. دیپلۆمات بن. ڕێوشوێن بۆ حێزب و ئەندامان دابنێن. کەس مافی بیرکردنەوەی نییە. بیرەکانی دەدزن و دەیکەنە هی خۆیان. فەرمانەکانی دێمۆکراسی خوازانەیان بۆ هەموو کەسە جگە لە خۆیان و دەست و پەیوەندەکانیان. تەنیا مافی دەروێشەکان چەپڵە لێدانە و بە باڵای ڕێبەری حازر و غاییبدا هەڵگوتن. پێشتر کە پەخشانیان دەنووسی، لە پێشدا نەقڵ قەولێکی زانایەکیان دادەنا و دوایە دەیاننووسی کە وابوو... (ڕاست وەکوو هێنانەوە ئایەت و حەدیس لای مەلاکان) دواتر فەرمایشەکانی ڕێبەر جێ زاناکانی گرتەوە. ئێستاش کە مێدیا و ئینتێرنیت هەیە، مەیدان بۆ زکر و حەیەڵا فەروانتر بووە و خۆیانی پێ دەخنکێنن. سۆڤیەت نەما دابەکەی لای ئێمە ماوە چوونکە شێخەکان ماون. وەلی فەقیە ماوە، داعشەکان و دیکتاتۆرە "عێلمانییەکان" ماون. کۆمەڵ بە زانا و نەزانەکانییەوە یەخسیری ئەم داب و نەریتەیە. کەی ئەم نیوەتێگەییشتوویە دەبێتە تێگەییشتوویی نازانم، ئەوەندە دەزانم تەمەنی من بەش ناکا.

تەیفور ٢٠١٥